ڕەفتار و بڕیاری دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان لە نێوان تیۆر و واقیعدا

26-08-2018

نووسەرەکان

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

کورتە : لەبەر چەندین هۆکار، هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان 2018 پێویستی بە خۆێندنەوەیەکی تایبەت هەیە. گرنگترینیان بریتین لەو رووداوانەی کە لە پاش قۆناغی ریفراندۆم دروستبوو.وەك سەرهەڵدانی قۆناغێکی نوێ لە پەیوەندییەکانی نێوان حکوومەتی هەرێم وحکوومەتی عێراقی و پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا وئێران ویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چەندین ئەکتەری دیکە کە کاریگەرییان لەسەر گشت رووداوەکان هەبوو.

RRC |

پ. ی. د.سەباح سوبحی حەیدەر |

لەبەر چەندین هۆکار، هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان 2018 پێویستی بە خوێندنەوەیەکی تایبەت هەیە. گرنگترینیان بریتین لەو رووداوانەی کە لە پاش قۆناغی ریفراندۆم دروستبوو.وەك سەرهەڵدانی قۆناغێکی نوێ لە پەیوەندییەکانی نێوان حکوومەتی هەرێم وحکوومەتی عێراقی و پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا وئێران وبلاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چەندین ئەکتەری دیکە کە کاریگەرییان لەسەر گشت رووداوەکان هەبوو. ئەو تایبەتمەندییانەی کە لە پاش رووداوەکانی ریفراندۆم خوڵقێندران، رەنگدانەوەی لەسەر رەفتاری هاونیشتمانییانی هەرێم لە گشت بوارەکانی ژیان دەبێت، بەرەچاوکردنی ئەوەی پرۆسەی بەرێوەبردنی گشتی بۆ دامودەزگاکانی حکوومەت لەسەر بنەمای هەڵبژاردن رادەوەستێت، هەر ئەوەش بۆ چوارچێوەی سیاسی بە تایبەتی پرۆسەی هەڵبژاردن دەگوازرێتەوە.

رەفتاری دەنگدان بەشێکە لە رەفتاری سیاسی و ئەم بابەتە زۆر هەستیارە و چەندین رەهەندی جۆراوجۆر دەگرێتەوە. هەر بۆ ئەو مەبەستە لە چەندین وڵاتی دنیا، چەندین لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم بابەتە کراوە. بەهۆی ئەوەی پرۆسەی دەنگدان شێوازێکی سەرەکییە بۆ بەشداری سیاسی لە وڵاتە دیموکراسییەکان، رەفتاری دەنگدان Voting Behavior(سلوك التصويت)، بە تایبەت لە ئەمریکا، بووەتە بابەتێکی سەرەکی لە زانستە سیاسییەکان.

پرسیاری سەرەکی ئەم لێکۆلینەوەیە بایەخ بە خاڵێکی سەرەکی دەدات، ئەویش : ئەو فاکتەرانە چین کە کاریگەری لەسەر رەفتارو بڕیاری دەنگدەری هەرێمی کوردستان بۆ هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2018ی پەرلەمانی کوردستان دادەنێن؟ بێگومان وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئاسان نییە. وەك دیارە، چەندین بگۆڕی جۆراوجۆر دێتە ناو ئەو فاکتەرە کاریگەرانەی کە لە دەوروبەری هەردوو دیاردەی رەفتار و بڕیاری دەنگدەردا دەخولێنەوە.

لینکی تەواوی لێکۆڵینەوەکە:

رەفتاروبڕیاری دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان لەنێوان تیۆرەواقیعدا